# وانەی هەژدەهەم

## قوتابێتی - 2

**نوێژ**

ڕابەری گروپ: نوێژ بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

### بەشداریکردن

### کرداری نێردراوان

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەڕاوی خەڵوەتی تایبەت بخوێنەوە) لەو زانیارییانەی کە لە خەڵوەتە ڕوحییەکان فێری بوون

سەبارەت بەو بڕگە کتێبییانەی دیاریکراوە بۆتان (کردار11: 19 - 14: 28) لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی بەشداری کردنەکان کورت بێت. گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات، و بە ڕاستی مامەڵە بکەن لەگەڵ ئەوەی دەیڵێت و قبووڵی بکەن. کێڕخێنی 15: 7

**دەرکردن**

**نوێژ**

**د ٢ نیروانین**

| ئایەتی دەرخکردن لەسەر پەڕاوێك بەم شێوەیە بنووسەوە. | نوێژ<br>(یۆحەننا15: 7)<br>﴿ئەگەر لە مندا بچەسپێن و ووشەکانم لەناوتاندا بچەسپێت، چیتان دەوێ داوای بکەن بۆتان دەبێت﴾. (یۆحەننا15: 7) | نیشانەی کتێبی لەپشت پەڕاوەکە بنووسەوە |
|---|---|---|

متمانەی نوێژی وەڵامدراو پشتبەستی دوو مەرجە: **1**

عیسای مەسیح ووشەی مەرجی (ئەگەر) بەکار دەهێنێت، فێرمان دەکات و دەڵێت کە وەڵامی نوێژەکانمان دەداتەوە لە کاتی بوونی ئەم دوو مەرجەی خوارەوە:

ئـا مەرجی یەکەم. هۆی مسۆگەر کردنی وەڵامدانەوەی عیسای مەسیح بۆ نوێژەکانمان ئەوەیە کە دەبێ چەسپاو بیت لەودا و لە خۆشەویستییەکەی (یۆحەننا15: 5 ، 9).

1. عیسای مەسیح لە باوەڕداراندا دەچەسپێت! عیسای مەسیح بە هۆی ڕوحی پیرۆز لە تۆدا دەچەسپێت. ﴿*ئایا نازانن پەرستگای خودان و ڕوحی خوداتان تێدا نیشتەجێیە؟*﴾ (1کۆرنسۆس3: 16).

پێویستە باوەڕداران لە مەسیح و خۆشەویستییەکەی **بچەسپێن**. ئەو پەیوەندییەی نێوان تۆ و مەسیح پێویستی بە بەرپرسایەتی هەردوو لەلایەن دەکات. لە لایەنی یەکەمەوە، ئەگەر مەسیح لە تۆدا نەچەسپێت، ئەوە بەهیچ شێوەیەك ناتوانی ببی بە باوەڕدار. ﴿بەڵام ئێوە، ئەگەر ڕوحی خودا لەناوتاندا نیشتەجێ بێت، ئەوا لە جەستەدا نین، بەڵکو لە ڕوحدان. ئەگەر یەکێکیش ڕوحی مەسیحی نەبێت، ئەوا هی مەسیح نییە. ئەگەر مەسیح لە ئێوەدا بێت، ئەوا لەش بە هۆی گوناە مردووە، بەڵام ڕوح بە هۆی ڕاستودروستی زیندووە﴾ (ڕۆما8: 9- 10). لە لایەکی ترەوە، ئەگەر لە مەسیحدا نەچەسپێن ، ئەوە دەسەلمێنیت کە هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان سەر بە مەسیح نەبووی. بۆیە، تۆ بەرپرسارێتی چەسپاندنت لە مەسیحدا لەئەستۆیە. بەڵام چەسپاندن لە مەسیحدا چی دەگەیەنێت؟ چەسپاندن لە مەسیحدا ئەوەیە کە دەبێ پەیمان بدەیت بە دروستکردنی پەیوەندییەکی تایبەت و بەردەوام لەگەڵیدا. هەروەها ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە پابەند بی بە بەردەوامی پەیوەندییەکەت لەگەڵیدا. هەروەها ئەوە دەگەیەنێت کە خۆت بۆ مەسیح و مەبەستەکانی بۆ ژیانت تەرخان بکەیت. ووشەی (دەچەسپێت) لە زمانەوانیدا بە شێوازی ئێستای بەردەوام دێت بۆ ئەوەی ئاماژە بدات بەوەی کە پێویستە ئەم پەیوەندییە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەردەوام بێت. بە بێ ئەم هەوڵ و کۆششە بەردەوامە، ڕزگاربوون و گەشەکردن و بەروبوومیش نابێت!

ئـا مەرجی دووەم. هۆی مسۆگەر کردنی وەڵامدانەوەی عیسای مەسیح بۆ نوێژەکانت ئەوەیە، کە دەبێت لە ووشەکەیدا چەسپاو بیت (یۆحەننا15: 7).

1. پێویستە باوەڕداران لە ووشەی عیسای مەسیحدا بچەسپێن. عیسا لە (یۆحەننا8: 31-32) دەڵێت: ﴿ئەگەر لە ووشەکەمدا جێگیربن، ئوا بەڕاستی قوتابی منن و ڕاستی دەناسن، ڕاستیش ئازادتان دەکات﴾ دەتوانی لێرەدا تێبینی بکەیت کە بەرپرسایەتی تۆ ئەوەیە لە ووشەی مەسیحدا بچەسپێیت، لە ڕێگای پەیرەو کردنی ئەم حەوت کارە: پێویستە گوێڕایەڵی قسەکانی عیسای مەسیح بیت لە ڕێگای ئامۆژگاری و ڕێنماییەوە. پێویستە ڕۆژانە قسەکانی عیسای مەسیح لە کتێبی پیرۆزدا بخوێنیتەوە. پێویستە هەموو هەفتەیەك قسەکانی عیسای مەسیح تاوتوێ بکەیت لە گرووپی وانەی کتێبێکدا. پێویستە قسەی سەرەکی عیسای مەسیح بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دەرخ بکەیت. پێویستە ڕامان بکەیت لەسەر قسەکانی عیسای مەسیح، واتا بیر لە واتەکەی لە ژیانی تایبەتیدا بکەیتەوە و داوا لە خودا بکەیت چۆن لە ژیانی تایبەتیتدا جێبەجێی بکەیت. پێویستە قسەکانی عیسای مەسیح لە ژیانی تایبەتیتدا جێبەجێ بکەیت (مەتتا7: 24) (یۆحەننا15: 10). هەروەها پێویستە قسەکانی عیسای مەسیح بگوازیتەوە بۆ کەسانیتر لە ڕێگای ئامۆژگاری و ڕێنماییەوە.

2. پێویستە باوەڕداران ڕێگا بە ووشەی عیسای مەسیح بدەن تێیاندا بچەسپێت. تێبینی دەکەیت کە بەرپرسایەتیت لە (یۆحەننا15: 7) جیاوازە لەگەڵ بەرپرسایەتیت لە (یۆحەننا8: 32). بەرپرسایەتیت لێرەدا ئەوەیە کە ڕێگا بدەیت بە عیسای مەسیح کاریگەری لەسەرت هەبێت و بتگۆڕێت! لە ڕێگای خوێندنەوەی قسەکانی عیسای مەسیح، تاوتوێ کردنی، جێبەجێکردنی، قسەکانی لە مێشك و دڵ و ژیانت چاپ دەبێت. پاشان، پێویستە ڕێگا بە قسەی عیسای مەسیح بدەیت — کە لە مێشك و دڵ و ژیانت دایە — ببێت بە هێزێکی جوڵێنەر بۆ تۆ، واتا قسەکانی عیسای مەسیح بەتەواوەتی دەسەڵات بگرێتە سەرت. پێویستە قسەکانی عیسای مەسیح دەسەڵات بگرێتە سەر بیرۆکە و باوەڕ و مەبەست و ئارەزوو و هەڵوێست و هەست و کردەوەکانت. عیسای مەسیح هۆشدارمان دەکات لە مەترسی زانیاری زارەکی کە دوور بێت لە جێبەجێکردنی کردەیی و دەڵێت: ﴿هەر کەسێکیش گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی نەکات، وەك پیاوێکی گێل وایە خانووەکەی لەسەر لم بنیادنابێت. باران باری و لافاو هەستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا و ڕووخا، ڕووخانەکەشی گەورە بوو﴾ (مەتتا7: 26-27). بەم شێوەیە، ئەگەر تێر بووی بە وەرگرتنی زانیاری زارەکی لەبارەی عیسای مەسیحەوە بەبێ ئەوەی لە مێشك و دڵ و ڕەخسارت پەیڕەوی بکەیت، ژیانت دەڕوخێت و بەهەموو لایەکەوە پرشوبڵاوە دەبێت. بۆیە، پێویستە ڕێگا بە قسەکانی عیسای مەسیح بدەین مەزنترین شوێنەوار لە ژیانتدا بەجێبهێڵێت. پێویستە قسەکانی عیسای مەسیح ببێتە کاریگەری دەسەڵاتدار کە ڕەزامەندی و باوەڕەکانت دیاری بکات. هەروەها پێویستە ببێتە ئەو هێزە دەسەڵاتدارە کە ئەو هەڵوێست و مەبەستانە نیشانیان دەدەیت دیاری دەکات. هەروەها دەبێ ببێتە ڕاستییەکی دەسەڵاتدار کە بڕیار دەدات لەسەر ئەوەی کە باسی چی دەکەیت و لە پێناو چیدا ژیانت دەبەخشیت. تەنها ئەو کات قسەکانی عیسای مەسیح لەناوتدا دەچەسپێت!

## ئایا دەتوانی داوای هەر شتێك بکەیت کە بتەوێ؟ 3

بەڵێ، بەڵام ئەگەر باوەڕدارێکی ڕاستەقینە بیت، داوای هیچ شتێك ناکەیت کە ئارەزومەندی بیت، چونکە دەزانیت کە هەندێك شت هەن خودا لەسەریان ڕازی نابێت. جا ئەگەر لە مەسیحدا چەسپاو بیت و هێشتت قسەی مەسیح لە ناختدا چەسپاو بێت، ئەو کات تەنها داوای ئەو شتانە دەکەیت کە بەپێی ویستی خودایە. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە داوای ئەو شتانە ناکەیت کە ناکۆك بێت لەگەڵ کەسێتی عیسای مەسیح وناکۆك بێت لەگەڵ ویستە جاڕدراوەکەی عیسای مەسیح لە کتێبی پیرۆزدا. عیسای مەسیح لەپێناو هەندێك شت نوێژی کرد، بەڵام فەرمووی: ﴿*بەڵام نەك بە خواستی من بەڵکو بە خواستی خۆت بێت*﴾ (لوقا22: 42). کاتێك داوا لە خودا دەکەیت ویستەکانی خۆی بکات، هەمیشە خودا وەڵامی نوێژەکانت دەداتەوە و هەمیشە ویستەکەی خۆشی جێبەجێ دەکات! کاتێکیش داوای شتێکی گونجاو لەگەڵ ویستی خودا بکەیت، دەتوانی بە متمانەیەکی مەزنەوە نوێژ بکەیت .

(1یۆحەننا5: 14). بۆ نموونە، ئەگەر لە خودا داوای شتێکت کرد کە نەوسنیت ڕازی بکات و ببێتە هۆی سەرکەوتنت لە دەسەڵاتی دونیای و ناوبانگی جیهانیت، خودا وەڵامی نوێژەکەت ناداتەوە. بەڵام ئەگەر پابەندی چەسپاندنت بووی لە مەسیحدا و خۆت بۆ ڕەفتارکردن بەپێی ووشەکەی تەرخان کرد، دەتوانی بە متمانەیەکی مەزنەوە نزا بکەیت. ئەو کات نزاکەت بیستراو و کارا و بەهێز دەبێت! لە (یاقوب5: 16) دەخوێنینەوە: ﴿*پاڕانەوەی مرۆڤی ڕاستودروست زۆر بەهێز و کاریگەرە*﴾.

**ب )**

**دەرخكردن و پێداچوونەوە**

**بنووسە:** ئایەتە كتێبییەكان لەسەر كاخەزێكی نوێ بنووسە یان لەناو پەڕاوی تێبینییەكان.

**دەرخكردن:** ئایەتە كتێبییەكان بە شێوەیەكی ڕاست دەرخ بكە. نوێژ: (یۆحەننا15: 7).

**پێداچوونەوە:** گرووپەكە دابەش بكە گرووپی دووانی، هەر كەسێك دڵنیا بێت لەوەی هاورێكەی ئایەتی دەرخكردووە.

## وانەی خوێندنەوەی كتێبی پیرۆز

### جیاوازی پەیوەندیە مەسیحییەكان چییە لەگەڵ چەشنیتر؟

شێوازی پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی كتێبی پیرۆز بەكار بهێنە بۆ ئەوەی (1تسالۆنیكی4: 1- 8) پێكەوە بخوێنین.

هەنگاوی **1** بخوێنە

**بخوێنە:** با پێكەوە (1تسالۆنیكی4: 1- 8) بخوێنین. با بە نۆرە بخوێنین، بە شێوەیەك هەر كەسێك ئایەتێك بخوێنێتەوە تاوەكو تەواو دەبین لە خوێندنی بڕگەكە بە تەواوەتی.

هەنگاوی **2** بدۆزە

**بیربكەرەوە:** ئەو ڕاستییە چییە كە بەلاتەوە گرنگە لەم بڕگەیەدا؟ ئەو ڕاستییە چییە كە چووە ناو مێشك و دڵتەوە لەم بڕگە كتێبییەدا؟

**بنووسە:** یەك یان دوو ڕاستی بدۆزەرەوە كە تێیان بگەیت، و بیریان لێبكەوە و بیرۆكەكانت لە پەڕاوەكەت بنووسە.

**بەژداری كردن:** (دوای ئەوەی ئەندامانی گروپەكەت هەندێ كات بە بیركردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن. بیرۆكەكانتان بە نۆرە بەشدار بكەن). با نۆرە بگەرین بۆ بەشداری كردنی ئەو شتانەی هەر یەكێك لە ئێمە دۆزیویەتەوە. (ئەمانەی خوارەوە نموونەن بۆ ئەوانەی بەشداری ئەو شتانە دەكەن كە دۆزیویانەتەوە. لەبیرتبێت، لە هەر گرووپێكی بچووك، ئەندامانی گرووپەكە بە شتی جیاواز بەشداری دەكەن. گرنگ نییە ئەو شتانە وەك یەك بێت).

**دۆزینەوەی 1** بەلای منەوە ڕاستی پەسەندكراو لە (1تسالۆنیكی4: 3) نوسراووە. پێویستە باوەڕداران لە گوناهە جنسیەكان دوور بكەونەوە. كتێبی پیرۆز دەڵێت: ﴿ویستی خودا ئەمەیە: پیرۆزیتان. ئەویش بە وازهێنانتانە لە داوێن پیسی﴾ ئێمە لە سەردەمێكدا دەژین كە گوناهی جنسی تێیدا زۆرە. گۆڤاری و جنسی خراپ لە شەقاكەمان دەفرۆشرێن، هەروەها فلیمی خراپیش لە هەندێك كەناڵی تەلەفزیۆن و لە ماڵپەڕەكانی ئینتەرنێت نمایش دەكرێن. هەرچەندە هەندێك وواڵت هان دەدات بۆ نمایشكردنی بەناو (جنسی ئاسوودە) (بەكارهێنانی نەهێشتنی دووگیانی و بەربەستی پلاستیكی)، بەاڵم دیاردەی لەباربردن لەنێوان هەرزەكارەكاندا لە هەموو شوێنێكی جیهان تەشەنەی كردووە. بەاڵم زۆر لە هەرزەكاران و گەورەكانیش مەترسییەكانی گوناهی ڕەگەزی نازانن. هەروەها نازانن كە (جنسی ئاسوودە) بەهیچ شێوەیەك ئاسوودە نییە. بەم شێوەیە، زۆربەی الوانی پێگەیشتو نازانن چۆن پەیوەندی تەندروست لەگەڵ چەشنیتردا دروست بكەن. تەنها نموونە كە پەیڕەوی دەكەن ئەو شتانەیە كە لە فیلم و گۆڤارە جنسیەكاندا دەبینین، یان ئەو شتانەی كە لە هاوڕێ بێ باوەڕەكانیانەوە دەبینن. بۆیە دەمەوێ ئەو بنەمایانە فێربم كە كتێبی پیرۆز لەم بارەیەوە باسی دەكات.

**دۆزینەوەی** **2** بەلای منەوە ڕاستی پەسەندکراو لە (1تسالۆنیکی4: 1) نوسراووە. کتێبی پیرۆز بەڕوونی باوەڕداران فێر دەکات کە چۆن ژیانێك بگوزەرێنن کە خودا ڕازی بکات. کتێبی پیرۆز دەڵێت: *﴿برایان، لە ئێمەتان وەرگرتووە چۆن دەبێت بژین تاکو خودا ڕازی بکەن، وەك ئاواش دەژین، ئێتر داواتان لێ دەکەین و لێتان دەپاڕێینەوە لە عیسای خوداوەند تاکو زیاتر بکەن﴾*. ئەم ئایەتە بە ڕوونی باسی ئەوە دەکات کە خەڵکی ناتوانن وەکو ئەوەی دەیانەوێ بژین، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەندی بە پەیوەندییکان لەگەڵ چەشنیتروە هەیە. هەروەها ئەم ئایەتە کتێبییە بەڕوونی فێرم دەکات کە پێویستە چی بکەم لە پەیوەندییەکان لەگەڵ چەشنیتردا بۆ ئەوەی خودا ڕازی بکەم. تاقە کار کە خودا ڕازی دەکات پیرۆزیانە. پیرۆزیمان سەبارەت بە پەیوەندییەکانمان بە چەشنیتر لە چوار کار پێکدێت:

ئـ) یەکەم، دوور بکەوینەوە لە گوناهی **جنسی**.

ب) دووەم، فێری کۆنترۆڵکردنی جەستەمان بین.

پ) سێیەم، فێری گەڕان بین بەدوای هاوسەری ژیان.

ت) چوارەم، زیان نەگەیەنین بەهیچ خوشکێك یان برایەکی باوەڕدار لەڕووی گوناهی **جنسیەوە**.

بەم شێوەیە، من دەمەوێ بەردەوامبم لە فێرکردنی ئەم ڕاستییانە بۆ هەموو گەنجان تاکو فێربن چۆن بژین تاکو خودا ڕازی بکەن.

---

**هەنگاوی** **3** **هەندێ پرسیار ئاڕاستە بکە**

**بیربکەرەوە:** چ پرسیارێك ئاڕاستەی ئەم گرووپە دەکەیت، سەبارەت بەم برگە کتێبییە؟ با هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستییە تێبگەین کە لە (1تسالۆنیکی4: 1- 8) نووسراوە، پاشان هەندێ پرسیار بکەین سەبارەت بەو شتانەی کە تێینەگەیشتووین.

**بنووسە:** ئاگاداربە لە دارشتنی شێوەی پرسیارەکەت کە بە ڕوونترین شێوەبێت. دواتر پرسیارەکە لە پەڕاوەکەت بنووسە.

**بەشداری بکە:** پاش ئەوەی ئەندامانی گرووپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، داوایان لێ بکە بەشداری بکەن بە دەربڕینی پرسیارەکانیان.

**گفتووگۆبکە:** (دواتر هەندێ پرسیار هەڵبژێرە و هەولبدە وەلآمیان بدەیتەوە لە ڕێگای گفتووگۆکردن لەگەڵ گرووپەکەت).

(ئەمانەی خوارەوە هەندێ نموونەن دەربارەی هەندێ پرسیار کە لەوانەیە ئەندامانی گرووپەکەت بیکەن، و هەندێ تێبینی بەسوود بۆ بەڕێوەبردنی گفتووگۆ دەربارەی پرسیارەکان).

---

**پرسیاری** **1** (4: 1-2) جیاوازی نێوان بەرەڵایی و داوێنپیسی چییە؟

**تێبینییەکان:** لە (عیبرانییەکان13: 4) دەخوێنینەوە: *﴿با لای هەمووان هاوسەرایەتی ڕێزی هەبێت، نوێنی هاوسەرایەتیش ناگڵاو بێت، چونکە خودا بەرەڵا و داوێنپیس تاوانبار دەکات﴾*.

**زینا:** هەموو کارێکی جنسی ناڕەوا لەگەڵ هاوسەری کەسێکیتردا. هەروەها دەستێوەردانێکی ناڕەوایە لە هاوسەرگیری کەسێکیتر. ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات هاوبەشێکی گوناهکارە لە کاتی ڕوودانی جیابوونەوە (تەلآق).

**داوێنپیسی:** هەموو کارێکی **جنسی** لەگەڵ کەسێکیتر جگە لە هاوسەری ژیانت. هەروەها بیرکردنەوە و ئارەزوو و قسەی **جنسی** دەگرێتەوە. دەکرێ هەردوو وشەکەیش ئاماژە بە هەڵگەڕانەوە لە خودا یان بتپەرستی بکەن. ئەمەیە بەرەڵایی ڕوحی یان داوێنپیسی ڕوحی. بەم شێوەیە، کتێبی پیرۆز بە ڕوونی فێرمان دەکات کە تاقە **جنسی** ڕەوا لەگەڵ هاوسەری ژیانە لە پاش هاوسەرگیری. هەروەها ئاگادارمان دەکاتەوە کە خودا بە توندی سزای ئەو کەسانە دەدات کە نوقمی بەرەڵایی وداوێنپیسی بوونە!

**فێربکە:** (1تسالۆنیکی4: 3-4) دەکرێ بە دوو شێوازی دروست لێی تێبگەین یان وەربگێڕدرێت:

ئـ) *﴿چونکە ئەمەیە خواستی خودا: پیرۆزکردنتان، واز لە داوێنپیسی بهێنن، هەریەکەتان بزانێ **جەستەی** بە پیرۆزی و ڕێزەوە بپارێزێت﴾*.

ب) ﴿چونکە خواستی خودا ئەوەیە دەیەوێ ئێوە پاك و پیرۆز□بن، لەداوێن پیسی خۆتان دوورخەنەوە، هەریەکەتان بزانێ چۆن بەپاکی□و ڕەوشت بەرزیەوە ئافرەتێك بۆ خۆی هەڵبژێرێ﴾.

**پرسیاری 2** (4: 3-4) چۆن فێربم جەستەم بپارێزم؟ تێبینییەکان:

ئـ) فێربە زمانت بپارێزیت.

**بخوێنە:** (ئەفەسۆس5: 3-4) ﴿بەڵام داوێنپیسی و هەموو گڵاوییەك یان چاوچنۆکیەك با لەناوتاندا ناوی نەبێت، وەك لە پیرۆزبووان ناوەشێتەوە. هەروەها شەرمەزاری و قسەی ناشیرین و سووك ناشێت، بەڵکو لە جیاتی ئەمە سوپاس کردن﴾.

ووشەی ﴿داوێنپیسی﴾ بە بەستنەوە لەگەڵ زماندا بەکار دەهێنرێت. ﴿شەرمەزاری﴾ قسەی ناشرین و ناخۆشە وەك دووزمانی لەسەر ژیانی **جنسی** کەسانیتر یان بەکارهێنانی ووشەی **جنسی** لە سوێنخواردن. ﴿قسەی ناشیرین و سووك ناشێت﴾ باسکردنی گاڵتەی **جنسیە** یان زمانپیسی. پێویستە باوەڕداران منداڵەکانیان بە پەروەدەییەکی **جنسی** دروست پەروەردە بکەن و لەگەڵیاندا بەشێوەیەکی ڕێکوپێك باسی چۆنێتی دروستکردنی پەیوەندی **جنسی** لە چوارچێوەی هاوسەرگیریدا بکەن. بەڵام باسکردنی گاڵتەی **جنسی** لە بۆچوونی خودا داوێنپیسییە. بۆیە، پێویستە باوەڕداران دوور بکەونەوە لە قسەی ناشرین و گاڵتەی **جنسی**.

ب) فێربە چاوەکانت بپارێزیت.

**بخوێنە:** (ئەیوب31: 1) ﴿پەیمانم لەگەڵ چاوەکانم بەست، ئیتر چۆن تەماشای پاکیزەیەك بکەم﴾.

هەموو پیاوانی جیهان لە ڕووی **جنسیەوە** تاقیدەکرێنەوە لە ڕێگای ئەوەی چاویان دەیبینێت. بۆنموونە ئەگەر پیاوێك ئافرەتێکی بینی کە جلێکی سەرنج ڕاکێشی پۆشیبوو یان تەواوی لەشی نەپۆشێت، ڕەنگە هەست بە ئارەزووی ڕوگوزی بکات و بیر لە بیرۆکەی **جنسی** هەڵە بکاتەوە. هەروەها ئەگەر پیاوێك گۆڤارێکی بینی کە وێنەی ئافرەتی ڕووت یان نیمچە ڕووتی تێدابوو، ڕەنگە بیر لە بیرۆکەی **جنسی** خراپ بکاتەوە, زۆر جاریش هەڵەی **جنسی** بە بینین دەستپێدەکات. ئەم دیمەنانە بیرۆکەی **جنسی** هەڵە لە مێشکت دەورژێنێت. ئەمەش بەرەو بڕیاری هەڵە دەتبات و لە کۆتاییشدا بەرەو کاری هەڵە دەتبات. هەروەها جەنگ دژی ئارەزووی ڕەگەزی بە بینین دەستپێدەکات و بەوەی دەیبیستی و ئەوەی بیری لێدەکەیتەوە. بۆیە، خودا ئەم وشانەی لە کتێبی پیرۆزدا نووسیوە تاوەکو بە تۆ بڵێت: (پەیمانێك لەگەڵ چاوت ببەستە کە بە چاوی ئارەزومەندییەوە تەماشای هیچ کچێك نەکەیت). ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیمانێك بە خودا بدەیت کە هاتووچۆی ئەو شوێنانە نەکەیت کە تێیدا ئافرەت خۆی نمایش دەکات، هەروەها تەماشای فیلم و گۆڤاری **جنسی** ناکەیت. پەیمان بە خودا بدە کە تەنانەت ئەگەر بە ڕێککەوتیش ئافرەتێکت بەو شێوەیە بینی یان وێنەیەك، تەماشای ناکەیت.

پ) فێربە دڵ و مێشکت بپارێزیت.

**بخوێنە:** (پەندەکان6: 25) ﴿لە دڵەوە ئارەزووی جوانییەکەی مەکە، با برژانگەکانی نەتبات﴾.

خودا زۆربەی ئافرەتانی بە جوانی دروست کردووە. بەڵام زۆر بە داخەوە هەندێك ئافرەت بە خراپە جوانییەکانیان بەکار دەهێنن بۆ کەواندنی پیاوان بە گوناهی **جنسی**. ڕەنگە ئەو ئافرەتانە جلی سەرنج ڕاکێش، یان جموجۆڵەکانیان، یان ڕێکردنیان، یان چاوەکانیان بەکار دەهێنن بۆ جووڵاندنی ئارەزووی پیاوان و کەواندنیان بە گوناهی **جنسی**. لەش فرۆشەکان لە هەموو جیهان خاڵی لاوازی خۆیان و خاڵی لاوازی پیاوانیش دەزانن، دڵ ناوەندی فەرمانە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا. دڵ فەرمانڕەوایی بە بیرۆکەکانی مێشك و ئارەزووەکانی دڵ دەکات، هەروەها هەڵبژاردن و بڕیارەکانی خواستەکان. سەربارى ئەوەی کە ناتوانی تەماشای ئافرەت نەکەیت، بەڵام هەموو کاتێك دەتوانی درێژە بە تەماشاکردنەکە نەدەیت. کتێبی پیرۆز دەڵێت تەنانەت نابێ ڕێگا بە خۆت بدەیت بیر لە جوانییەکانیان بکەیتەوە یان لە هەوڵەکانیان بۆ ڕاکێشانی سەرنجت. ڕێگاش بە دڵت مەدە ئارەزوویان بکات. بەڵکو ڕێگا بە ڕوحی پیرۆز بدە کە لە ناختدایە بۆ فەرمانڕەوایی کردنی بیر و دڵت. هەروەها کتێبی پیرۆز لە (2کۆرنسۆس10: 5) پێمان دەڵێت ﴿هەموو بەڵگەیەك و هەر شتێك کە بۆ بەرهەڵستی زانیاری خودا قیت بێتەوە وێرانی دەکەین، هەموو بیرێکیش بۆ گوێڕایەڵی مەسیح بە دیل دەگرین﴾.

ت) فێربە پێیەکانت بپارێزیت.

**بخوێنە:** (پەندەکان5: 7-10) ﴿ئێستاش کورانم گوێم لێبگرن، لە قسەی دەمم خۆتان لامەدەن. ڕێگای خۆتی لێ دووربخەوە، لە دەرگای ماڵەکەی نزیك مەبەوە. نەوەك هێزت بە خەڵکی تر بدەیت و ساڵانت بە مرۆڤی دڵڕەق. نەوەك بێگانەکان لەتوانات تێر بن و بەری ماندووبوونت بۆ ماڵی نامۆیەك بڕوات﴾.

لە هەموو شارێك کەسانی ڕەوشت خراپ هەیە، لە هەموو گوندێکیش خەڵکی ناوبانگ خراپ هەیە. زۆر جار ئەمانەیش هەوڵی کەواندنی خەڵکی لە داوە خراپەکانیان دەدەن. بۆیە، دوور بکەوە لەو شوێنانەی ئەم جۆرە کەسانەی تێدا دەبێت. کتێبی پیرۆز دەڵێت: ﴿ڕێگای خۆتی لێ دووربخەوە، لە دەرگای ماڵەکەی نزیك مەبەوە﴾ هەروەها پێویستە دوور بکەویتەوە لە مەیخانەکان، یان ناوەندەکانی شێلانن، یان شوێنەکانی حەوانەوەی شەوان، یان هەر شوێنێك کەسانێکی تێدا بێت کە هەوڵی تووشکردنت بە گوناە دەدەن . هەروەها دوور بکەوە لە هاوڕێتی کردنی کچان یان کوڕانی ناوبانگ خراپ لە قوتابخانەکەتدا. بەم شێوەیە، پێویستە فێری پاراستنی پێمان بین و لەم جۆرە شوێنانە نزیك نەبینەوە.

ج) فێربە دەستەکانت بپارێزیت.

**بخوێنە:** (پەندەکان5: 15-21): ﴿لە بیری خۆت ئاو بخۆوە، لە ئاوی هەڵقوڵاوی بیرەکەت. بۆ کانییەکانت بڕژێتە سەر شەقامەکان، وەك جۆگەی ئاو لە گۆڕەپانەکان. با تەنیا بۆ تۆ بێت، بێگانەت لەگەڵدا نەبێت. با کانیاوەکەت بەرەکەتدار ببێت، بە هاوسەری گەنجیت دڵخۆش بێت. ئاسکێکی خۆشەویست و مامزێکی پەسەند، با هەموو کاتێك تێرت بکەن مەمکەکانی، بە خۆشەویستی ئەو هەمیشە وێڵ بیت. ئیتر بۆچی کوڕی خۆم وێڵی بێ ناموس دەبیت، یان ئافرەتی داوێن پیس لە باوەش دەگریت؟ چونکە ڕێگاکانی مرۆڤ لە بەرچاوی خوداوەندە، هەموو ڕێڕەوەکانی هەڵدەسەنگێنێت﴾.

تایبەتمەندی شێوازی نوێ لە مامەڵەکردن لەگەڵ چەشنیتردا (بە شاراوەیی یان بە ئاشکرا) ئەوەیە کە هیچ سنوورێك یان مەرجێکی بۆ ئەم پەیوەندییانە نییە.

خەڵکی وا دەزانن کە دەتوانن هەر کارێك بە پێی ئارەزووی خۆیان بکەن بە بێ ترس لە کاردانەوەکان. بۆیە، زۆر لە کچان و گەنجان دەستیان ناپارێزن. کاتێك بە تەنیا بیننەوە زۆر جار جەستەیان لە یەکتر دەدەن بە شێوەیەکی دوور لە ڕەوشت. لەبەر ئەوەی کە دەستلێدانەکانی گەنجان هەستی کچان دەجولێنێت، دەبێ گەنجان فێری پاراستنی دەستەکانیان بن. هەر وەکو چۆن یاساکانی وڵات سنووری ژیانی کۆمەڵایەتی ئاشکرا دەکات، یاساکانی هاتووچۆیش لێخوڕینی ئاسایش مسۆگەر دەکات، کتێبی پیرۆزیش سنوور بۆ پەیوەندییەکان لە نێوان هەردوو جنس دەکێشێت بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە سێکسەوە هەیە. بۆیە، پێویستە فێربین دەستەکانمان بپارێزین، بەشێوەیەکی پاك و پیرۆز دەست لە کەسانیتر بدەین.

**پرسیاری 3** (4: 3-4) چۆن فێربم هاوسەرەکەم هەڵبژێرم؟

**تێبینییەکان:** لەبەر هەموو ئەو هۆکارانەی باس کران، پێویستە باوەڕداران لەگەڵ چەشنیتردا پەیوەندی ببەستن بە شێوازێك کە جیاواز بێت لەگەڵ کەسانی بێ باوەڕ. کتێبی پیرۆز فێر دەکات کە پێویستە پیاو شارەزا بێت لە چۆنێتی هەڵبژاردنی هاوسەرێك، واتا چۆن بتوانێت سەرنجی کچێك بەلای خۆیەوە ڕابکێشێت تاکو ببێت بە هاوسەری. بەڵام کتێبی پیرۆز فێری ئەوەیش دەکات کە پێویستە پیاو ئەو کارە لە ڕێگای ئارەزووی پووچەوە ئەنجام نەدات.

خودا ئامۆژگاری پیاو دەکات کە هاوسەرێك بە پیرۆزی و بەرێزەوە دەستنیشان بکات نەك بە شێوازێکی ئارەزومەندی. وشەی (بە پیرۆزی) لێرەدا ئاماژە بە شێوازێکی زۆر جیاواز لەگەڵ شێوازە باوەکەی ئەم جیهانە پڕ گوناهە دەکات. هەروەها وشەی (بەرێزەوە) ئاماژە بەوە دەکات کە شێوازێکی ڕازیکەرە لەبەردەم خوداو لە بەردەم خەڵکی. پێویستە ئەو شێوازەی بۆ دەستەبەرکردنی هاوسەر پەیڕەوی دەکەیت لەلایەن خوداوە تکراوە نەبێت و جێی ڕەخنەی خەڵکی کۆمەڵگەکەشت نەبێت. لە قۆناغی یەکترناسینی نێوان پیاو و ئافرەتیش پێش هاوسەرگیری، پێویستە خۆڕاگری بۆ جەستەیان هەبێت!

پێویستە هەردووکیان زمانیان بپارێزن، لەگەڵ چاوو، مێشك، پێ و دەستیان. هەروەها پێویستە بزانن کە خودا خۆی ئەم سنوورەی بۆ پەیوەندی نێوان پیاوو ئافرەت کێشاوە. خودا خۆی ئەو شتانەی دەستنیشان کردووە کە پێویستە لە قۆناغی یەکتر ناسیندا پەیڕەوی نەکەن (واتا پێش هاوسەرگیری). بۆیە، پێویستە لەسەر پیاوان و ئافرەتان لە هەموو گوناهێکی **جنسی** دوور بکەونەوە.

**پرسیاری 4** ئەو سنوورەی پێویستە لە پەیوەندیم لەگەڵ چەشنیتردا بیکێشم چییە؟

**تێبینییەکان:** پێویستە باوەڕداران سنوورێکی ڕوون لە پەیوەندیان لەگەڵ چەشنیتردا بکێشن. پێویستە دایکان و باوکان و ڕابەرە مەسیحییەکانیش کچان و گەنجان فێری ئەو سنوورانە بکەن و چۆن بیکێشن. کاتێك پەیوەندی لە نێوان گەنجێك و کچێکی باوەڕدار بەمەبەستی هاوسەرگیری دەستپێبکات، پێویستە پێکەوە هەندێك سنووری گرنگ بکێشن، هەروەها پێکەوە ڕێکبکەون لەسەر نەبەزاندنی ئەو سنوورانە. پێویستیشە ڕێککەوتنیان سنووری ڕوون بگرێتەوە لەم چوار لایەنە. هەروەها پێویستە ڕێکبکەون لەسەر ئەو پێوانانەی کە لە پەیوەندییەکەیاندا پەیڕەوی دەکەن. بۆیە، پێویستە لەسەریان ئەم چوار لایەنە تاوتوێ بکەن و وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

ئـ) کات: کەی چاوتان بەیەك دەکەوێت؟ چەند جار لە هەفتەیەك یەکتر دەبینن؟ ماوەی هەر دیدارێك چەند دەخایەنێت؟ پێویستە لە چ کاتێك هەر یەك لە ئێوە بگەڕێتەوە ماڵەوە؟

ب) شوێن: لە کوێ یەکتر دەبینن؟ دەتوانن بۆ چ شوێنێك بڕۆن؟ کامانەن ئەو شوێنانەی پێویستە سەردانی نەکەن؟

پ) چالاکییەکان: چییە ئەو شتانەی دەتوانن پێکەوە ئەنجامی بدەن؟ چییە ئەو شتانەی ناتوانن پێکەوە ئەنجامی بدەن؟ پێویستە ئاشنابن لەوەی کە خودا هەموو کارێکتان دەبینێت.

ت) لێبەکدانی جەستەیی: ئەوەی پێی دەوترێت (**جنسی** ئاسوودە) (بەکارهێنانی کەرەستە جیاجیاکانی ڕێگاگرتن لە دووگیانی) بەهیچ شێوەیەك ئاسوودە نییە! لە کاتێکدا کە زۆر جار لەسەر ئاستی جەستەیی ئاسوودە نییە، بێگومان لەسەر ئاستی ڕوحیش ئاسوودە نابێت! کتێبی پیرۆزیش ئامۆژگاریمان دەکات کە دوور بکەوینەوە لە هەموو شێوازەکانی لێکدانی جەستەیی لە پێش هاوسەرگیری. (عیبرانییەکان13: 4). بۆیە، پێویستە پیاو و ئافرەت لەبەردەم خودا ڕێکبکەون کە پێش هاوسەرگیری هیچ کارێکی **جنسی** نەکەن (لە ژێر هەر بارودۆخێکدا بێت).

پێویستە پیاو و ئافرەت هەندێك پێوانەی ڕوون بۆ پەیوەندییەکانیان دیاری بکەن بەشێوەیەك کە ئەم پێوانانە بەپێی کتێبی پیرۆز بێت. هەروەها پێویستە پیاو و ئافرەت پێکەوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

بەپێی پێوانەکانی خودا کە لە کتێبی پیرۆز ڕوونکراوەتەوە، چۆن لێبەکدانێکی جەستەیی دەتوانین ئەنجام بدەین؟ چۆن لێبەکدانێکی جەستەیی پێویستە لێی دوور بکەوینەوە؟ چۆن لێبەکدانێکی جەستەیی بەپێی ڕێنماییەکانی کتێبی پیرۆز ڕێگاپێدراوە، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕەتکراوەتەوە (یان بەپێچەوانەوە)؟ چۆن لێبەکدانێکی جەستەیی دەبێتە یارمەتیدەر بۆ بنیاتنانی یەکتر؟ چۆن لێکدانێکی جەستەیی یارمەتی لایەنی بەرامبەر نادات؟

**پوختە:** شێوازی پەیوەندیکردنی باوەڕداران بە چەشنیتر بەتەواوەتی جیاوازە لەگەڵ شێوازی پەیوەندیکردنی کەسانی بێ باوەڕ بە چەشنیتر. کتێبی پیرۆز ئامۆژگاری باوەڕداران دەکات کە پەیوەندی لە نێوان هەردوو جنس لەسەر بنەمای پیرۆزی و ڕێزکردن بێت، نەك لەسەر ئارەزووی پووچ. هەر کەسێکیش سووکایەتی بە ئامۆژگاری خودا بکات سووکایەتی بە خۆی دەکات!

**پرسیاری 5** (4: 6) کێیە ئەو برایە کە دەستدرێژی کرایە سەر مافەکانی؟

**تێبینییەکان:** کاتێك پیاوێك کارێك ئەنجام بدات کە خودا قەدەغەی کردبێت و بە شێوەیەکی ناپیرۆزی پەیوەندی بە ئافرەتێکەوە بکات، یان بەشێوەیەکی ئارەزوومەندی مامەڵەی لەگەڵدا بکات هاوشێوەی بێ باوەڕەکان، بەو کارەی دەستدرێژی کردۆتە سەر مافەکانی براکەی. ڕەنگە ئەو برایەش کە دەستدرێژی کرایە سەر مافەکانی، باوکی کچەکە بێت، یان برای، یان هاوسەری ئایندەی. پیاو بەرپرسایەتی گەورەی لە ئەستۆدایە و ڕۆڵی سەرەکی لە پەیوەندی **جنسی** لەگەڵ ئافرەتدا دەگێڕێت.

بۆیە، کاتێك پیاو کاری **جنسی** لەگەڵ کچێکدا ئەنجام دەدات، دەستدرێژی دەکاتە سەر ئەو پیاوانەی کە پەیوەندییان بەو کچەوە هەیە. ئەوا ئەو برایەیان دەچەوسێنێتەوە، ناوبانگیان دەشێوێنێت، مێردە ئایندەییەکەشی بێبەش دەکات لە دەستەبەرکردنی کچێکی پاکیزە. بەڵام خودا تۆڵەسەندنەوەی بۆ ئەو برایانە بە هەموو شێوەیەك قەدەغە کردووە چونکە تۆڵەسەندنەوە تەنها بۆ خودی خودایە (ڕۆما12: 17-21). بەهەر شێوەیەك بێت، ئەگەر باوەڕدار گوناهێکی **جنسی** کرد، دەبێ بزانێت چی کردووە، هەست بە پەشیمانییەکی ڕاستەقینە بکات و لە بەردەم خودا دان بە گوناهەکەیدا بنێت. گەنجان و کچان کە گوناهی داوێن پیسییان کردووە، (یان ئەوانەی هەر گوناهێکی جنسیان کردووە) دەتوانن لێبووردنی خودا دەستەبەر بکەن، سەرلەنوێ ژیانیان دەستپێ بکەنەوە، ئەویش لە کاتێکدا ئەگەر ئاوڕیان لە مەسیح دایەوە و تۆبەتێکی ڕاستەقینەیان لەسەر گوناهەکانیان کرد.

هەنگاوی **4** جێبەجێکردن

**بیربکەرەوە:** کام لەم ڕاستییانەی کە لەم برگە کتێبییە هاتووە دەست دەدات وەك ڕێکخستنی کرداری بۆ باوەڕداران؟

**بەشداری بکە و بنووسە:** با پێکەوە هەندێ لەو ڕێکخستنانە بنووسین کە دەتوانین لە (1تسالۆنیکی4: 1-8) دەریبهێنین.

**بیربکەرەوە:** ئەو ڕێکخستنە پێشبینی کراوە چییە کە خودا دەیەوێت بیگۆڕێتە ڕێکخستنی کەسی؟

**بنووسە:** ئەم ڕێکخستنە کەسییە لە پەڕاوەکەت بنووسە. هەست بە سەربەخۆیی بکە لە بەشداری کردنی ڕێکخستنی کەسی کە خودا هاوێشتیتیە سەر دڵت. (لەبیرت بێت کە ئەندامانی گرووپەکەت ڕاستی جیاواز ڕێکدەخەن، یاخود لە هەمان ڕاستی ڕێکخستنی جیاواز دەردەهێنن. ئەمانەی خوارەوە لیستێکە بە هەندێ ڕێکخستنی پێشبینی کراوە).

چەند نموونەیەکی ڕێکخستنی پێشبینی

(4: 1) کتێبی پیرۆز بخوێنەوە لە کاتی بیرکردنەوە لەم پرسیارە: پێویستە چۆن شێوازێك پەیرەو بکەم بۆ ڕازیکردنی خودا؟

(4: 1) پێویستە چۆن شتێك بگۆڕم بۆ ئەوەی ژیانێکی زیاتر بژیم کە خودا ڕازی بکات؟

(4: 3) پێویستە چی بکەم تاوەکو نەکومە گوناهی جنسیەوە؟

(4: 4) پێویستە چی بکەم تاوەکو باشتر جەستەم بپارێزم؟

(4: 4) ئەگەر تاکو ئێستاکە سەڵت بم، پێویستە چی بکەم بۆ هەڵبژاردنی هاوسەرێك بە پیرۆزی و بە ڕێزەوە؟

(4: 5) چۆن دەبێ دوور بکەومەوە لە هەموو شێوازەکانی ئارەزووی سۆزداری کە هاوشانە لەگەڵ شێوازی ژیانی کەسێك مەسیحی نەبێت؟

(4: 6) ئەگەر دەستدرێژیم کردە سەر مافی کەسێك لە ڕووی جنسیەوە، دەتوانم تۆبەت لەم گوناهە بکەم، لێبووردنی عیسای مەسیح دەستەبەر بکەم و ژیانێکی نوێ بەخاوێنی دەستپێبکەمەوە لە پەیوەندیکردنم لەگەڵ کەسێکی چەشنیتردا؟

(4: 7) دەتوانم ڕستەی (خودا بانگەهێشتت دەکات بۆ گوزەرانی ژیانێکی پیرۆز) لەسەر کاخزێك بنووسمەوە و لە نووسینگەکەمدا بیپارێزم تاکو ڕۆژانە ببیینم؟

(4: 8) پێویستە هەرگیز لەبیرم نەچێت کە ئەگەر ئامۆژگارییەکانی خوداو ڕەتکردەوە دەربارەی گوناهی **جنسی** ، ئەوە دەگەیەنێت کە خودی خودا ڕەتدەکەمەوە.

چەند نموونەیەکی ڕێکخستنی کەسی

ئـ) دەمەوێ فێربم چۆن چاوم و بیرۆکەکانم بپارێزم. پەیمانم بە خودا داوە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە تەماشای چەشنیتر نەکەم، هەموو بیرۆکەیەکی ئارەزوومەندی قاو بدەم پێش ئەوەی لە مێشك و دڵم جێگیر بێت.

ب) دەمەوێ بەردەوامبم لە فێرکردنی لاوان لە هەموو شوێنێك کە شێوازی مەسیحی بۆ پەیوەندی بە چەشنیتروە شێوازێکە جێبەجێ دەکرێت، هەروەها شێوازێکی نایابە بۆ دەستەبەرکردنی هاوسەری ژیانی ئایندە. هەروەها دەمەوێ ئەم وانەیەی کتێبەکە بەهەموو ئەو گەنجانە بڵێمەوە کە دەتوانم کاریگەربم لەسەریان.

هەنگاوی **5** نوێژ بکە

وەرن با پێکەوە بە نۆرە نوێژ بکەین، بە شێوەیەك کە هەر کەسێك بۆ ڕاستییەك نوێژ بکات کە خودا فێری کردووین لە ڕێگای (1تسالۆنیکی4: 1-8). (سەبارەت ئەو شتانە نوێژ بکە کە فێری بویت لەم خوێندنەوەیەدا. مەشق بکەن لەسەر نوێژی کورت لە یەك یان دوو ڕستە پێك بێت. لەبیرت بێت کە ئەندامانی گرووپەکەت دەتوانن بۆ شتی جیاواز نوێژ بکەن).

## نوێژ

بە نۆرە وەکو گروپ نوێژ بەرز بکەنەوە بۆ خودا، وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە. یاخود گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی یاخود سیانی و نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە بۆ خودا وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە.

## ئەرکی ماڵی

## بۆ وانەی داهاتوو

ڕابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یان داوایان لێبکە لە پەڕاوەکانیان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێن بدە قوتابێتی بە کەسانێتر بکەیت بۆ عیسای مەسیح. فێرکردن پێشکەش بکە دەربارەی (1تسالۆنیکی4: 1-8).

**خەڵوەتی ڕوحی:** بەردەوام بە لەسەر خەڵوەتی ڕوحی بە خوێندنەوەی نیو بەش ڕۆژانە لە (کردار15: 1 – 18: 17).

شێوازی ڕاستی پەسەندکراو بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**دەرخکردن:** ووشە: نوێژ: (یۆحەننا15: 7). ڕۆژانە بەو برگەیەدا بچۆوە کە دەرخت کردووە.

**نوێژ:** بۆ کەسێکی دیاریکراو یاخود بۆ شتێکی دیاریکراو نوێژ بەرز بکەرەوە و بزانە خودا چی دەکات (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە.** تێبینییەکانت سەبارەت بە (خەڵوەتی ڕوحی، دەرخکردن، وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز) لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە. هەروەها ئەم ئەرکە ماڵییە.